Kurdish Sorani

NORTHUMBRIA POLICE
Proud to Protect

Friends Of the Drop In
for asylum seekers and refugees

## زانیاری گشتی:

دەستەی پۆلیسی نۆسێمبریا بەخێرهاتنتان دەكات بۆ باكوری خۆرهەڵاتی بەڕیتانیا.

پۆلیس لە خزماتگوزاریدایە بۆ یارمەتی دانی تۆ لە هەرشتێكدا كە بكرێت تا ڕێگربن لەوەی تۆ ببیت بە قوربای تاوان و ئازاردان و ڕقەبەرایەتی نەژاد پەرستی.
ئەركی سەرشانی ئێمەیە كە دادپەروەرانە یاسا شكۆمەند ڕابگرین بۆ ڕێگرتن لە تاوان و بەسزا گەیاندنی ئەوانەی یاسا ئەشكێنن بۆ بەرقەراركرن و دوپات كردنەوەی ئارامی و ئاسایش لە كۆمەڵگادا.
تۆ پێویست ناكات ترست لە پۆلیس هەبێت. ئەفسەرانی ئێمە ئەركی خۆیان بوێرانە بەڕێوە دەبەن بێ لایەنگیری و بۆ پشتگیری لە مافی هاوڵاتیان.

## پەیوەندیكردن بە بنكەی پۆلیسەوە:

تۆ دەتوانی خۆت پەیوەندی بە پۆلیسەوە بكەی بە ڕۆیشتن بۆ هەر بنكەیەكی پۆلیس یاخود بە تەلەفۆنی 24 كاتژمێری.
ئەگەر پەیوەندیەكەت حاڵەتی كتوپڕە كە پێویستی بە ڕاپۆرتدان هەیە بەزووترین كات ئەتوانی لە ڕێگای ژمارە (999) ئەم پەیوەندی بكەی وە پۆلیس ئاگادار بكەیتەوە لە حاڵەتەكە.

ئەگەر كێسەی تێگەیشتنی زمانی ئینگلیزیت هەبوو ئەوا ئێمە وەرگێڕی زمانت بۆ ئامادە دەكەین تا یارمەتیدەرت بێت لەگەڵ هەر كێشەیەكی پەیوەندیداردا.

## ڕوداوی ڕقەبەرایەتی:

ڕوداوی ڕقەبەرایەتی ڕوداوێكە كە تیایدا كەسێك هەڵسوكەوتێكی بەرامبەرت ئەنجام داوە لەبەر

جیاوازیەک کە لەوانەیە هەتبێت وەك : ئاین، نەتەوە و پێناسە، ڕەگەز، جیاوازی جنسی، یان پەك کەوتەیی.

ئەگەر تۆ بویتە قوربانی و ئازار دراویت لەبەر هەر یەکێ لەم جیاوازیانە، ئێمە هانت دەدەین کە لەکاتی بوونی ڕوداوی لەم جۆرەدا ڕاپۆرت بدەیت بە پۆلیس تا ئێمە بە هاوکاری هاوکارانمان وە کەسانی شارەزا لەم بوارەد یارمە تیت بدە ین.

پۆلیسی نۆسێمبریا درك بەمە دەکات کە ڕوداوی لەم شێوەیە کاریگەریدەبێت لەسەر تاك و کۆمەڵگا وە زۆر بە جدی وەیدەگرێت.

تاوان

بەگشتی باکوری خۆرهەڵاتی بەریتانیاNorth East) .شوێنێکی سەلامەتە بۆ ژیان و ئیشکردن ( لەگەڵ ئەوەشدا هئەگەر تۆ بویتە قوربانی تاوانێك زۆر گرنگە کە ڕاپۆرت بە پۆلیس بدەیت.

پۆلیسی نۆسمبێریا ڕاپۆرتەکەی تۆ بە جدی وەردەگرێت و بەدواداچوون بۆ تاوانەکە دەکات وە پشتگیریت دەکات بەدرێژایی پرۆسەکە. وەك قوربانی تاوان تۆ بێتاوانیت وە بەم شێوەیەش هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکرێت.

تاوانەباوەکان

لە بەریتانیادا تاوانە

پەیوەندی جنسیت هەبێت بەبی ڕازیبوونی کەسی بەرامبەر، ئەمە دەستلێدانی نەخوازراوی جەستەییش دەگرێتەوە. *

کە پیاو/کوڕ پەیوەندی جنسی هەبێت لەگەڵ کەسی خوار تەمەن 16ساڵ ،هەتا ئەگەر ڕازیبوونیشی پیشاندا. *

هەڵگرتنی چەقۆ یاخود هەرشتومەکێکیتر کە بەکاربێت بۆ ئازاردانی کەسانیتر. *

باکارهێنان و هە بوونی مادەی هۆشبەر(مەخەدر) و حەشیش. *

بەکارهێنانی زمانی هەڕەشە ئامێز و بێڕێزیکردن و جنێودان. *

بەکارهێنانی هەموو جۆرە توندووتیژیەك. *

شۆفێریکردن یان کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبێل لە شەقامە گشتیەکاندا لەکاتی سەرخۆشیدا یاخود مادەی هۆشبەرت بەکار هێنابێت. *

لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەبێ هەبوونی مۆڵەتی شۆفێریی یاسایی * .
بەڵگەنامەی دڵنیایی ،بروانامەی سەلامەتی ئۆتۆمبێل وە باجی ساڵانەی ئۆتۆمبێل * .
بردنی هەر شتوومەکێك کە کەلوپەلی کەسیتربێت بەبێ ڕەزامەندی کەسی بەرامبەر * .

ئەفسەرانی پۆلیس دەتوانن لە شوێنە گشتیەکاندا راتبگرن بەمەبەستی پشکنین ئەگەر بڕوایان وابوو کە شتێکت بردووە(دزیوە)، هەڵگری مادەو ئامڕازی ڕێگەپێنەدراوبیت یان هەڵگری چەك بیت.

ئەگەر تۆ دەستگیر کرای بەهۆی ئەنجام دانی تاوانێکەوە دەگوازرێیتەوە بۆ بنکەی پۆلیس، لەوێش مافی قسەکردن لەگەڵ پارێزت پێ دەدرێت بە ئامادەبوونی وەرگێڕی زمان بۆ یارمەتی دانت ئەگەر نەتوانی لە زمانی ئینگلیزی تێبگەیت.

تۆ دەتوانیت یارمەتیدەربیت کە ڕێژەی تاوان کەم ببێتەوە.

هەنگاونانی تەندروست و هۆشمەندانە بۆ پارێزگاریکردن لەخۆت/خێزانەکەت و دراوسێکەت* .

ئاگادار کردنەوەی ئێمە ئەگەر بویتە شایەدحاڵی ئەنجامدانی تاوانێك وە ئەگەر شتێکی گوماناویت* بینی.

لەبیتر بێت پۆلیس لەم وڵاتەدا لە خزمەتگوزاریدایە بۆ یارمەتیدان و پستگیریکردنی تۆ.